



Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

Sima H Ahmed

AHhad


**خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی ئاوێر**

**ناوی کتێب: پێنج وانەلەدەروون شیکاریدا**

**نووسینی: سیگموند فرۆید**

**وەرگێڕانی لە فارسیەوە: سەباحی مەلاعەولا**

**بەرگ و دیزاینی ناوەوە: ئاگری باڵەکی**

**نرخ: 3500**

**ژمارەی سپاردن ( 404 ) ی ساڵی 2007دراوەتێ**



Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

## پێشەکی/

هەڵکشانی داهێنانە زانستیەکان و پەرەسەندنی پیشەسازی وتەکنەلۆژیای مۆدێرن لە تەواوی بەستێنەکانی ژیاندا، هەنووکە شکۆیەکی بەژیان بەخشیوە کە مرۆڤایەتی بە دەگمەن شتی وای بەخۆیەوە بینیوە یان هەر نەیبینیوە. بەڵام هاوشانی کایە پۆزەتیفەکانی بواڕە نێگەتیفەکانیشی فەرامۆش ناکرێن کە کاریگەریە جۆر بەجۆرەکانی لەسەر دەروون تاکو دێن کەڵەکە دەبن و کاردانەوەکانی لە فۆرمە جیاجیاکان و لە ژیانی ڕۆژانە و لەنێو مرۆڤەکاندا دەردەکەون ، واتە مۆدێرنێتە کە فرە ڕەهەی لە کۆڵ مرۆڤایەتی کردۆتەوە، دووچاری تەنگژەگەلی دەروونیشی کردووە. خۆشبەختی یە ڕشتەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەردەوام لە بەدواداچوون وداهێناندان تاکو زیاتر دەست بگرن بەسەرمایەی گەردوونەوە کە مرۆڤە یەکێکیش لەوان دەروونناسی یە، هاوسەنگ کردنی حاڵەتە دەروونیەکانی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکاندا کە هەمیشە بەڕەو ڕووبون ناستەنگە ، بەڵام نەکردەنی یە، بۆنەمە مرۆڤایەتی هەردەم کۆشاوە تاکو نارامی دەستەبەربکات، لەکاتی تێکچوون و شڵەژانە دەروونیەکاندا کە دووچاری مرۆڤ دەهات ،بەڵام تاکو سەدەی ڕابردوو بەسیستەماتیك کردنی هەوڵی نەزۆك بوون، هەرچەندە فرۆید لەڕێبەرانی بەسیستەماتیك کردنی دەروونناسی هەژمار دەکرێت، بەڵام لە دوو توێی ئەم پەرتووکەدا نەیاری خۆی لەمەڕ قۆرخکردنی کاری دەروونناسی لەلایەن پزیشکان و هەڵگرانی بڕوانامەی نەو ڕشتەیەوە نیشان دەدات، هەر بەوەندەشەوە ناوەستێ و دەکەوێتە خۆتێهەڵقورتاندن و داکۆکی کردنیش لە "تئودوورێك"کە نەندامی بەرچاوی ناپزیشکی کۆمەڵەی دەروونناسی ڤیەننابووە لەکاتی تۆمەتبارکردنی بەلەیاسادەورچوو لەچارەسەری نەخۆشدا. نزیکە ڕاپەڕاندنی پرۆسەی دەرونشیکاری دوور لە ڕەت بوون بە فلتەری خوێندنی فەرمی نەك ئەکادیمی لەلای ئێمەیش پەشێووی بنێتەوە هەرچەندە دەروونناسە فەرمیەکان تاکو ئێستا ڕۆڵی نەکتیف و کارایان لەکایە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤی خۆولاتیدا نەبووە!. ڕەنگە بەبەهانەی بە ڕامیاری بوونی شتەکان خۆ هەڵنێنەوە نەگەرچی لەو بەستێنەشدا واتە دەروونناسی سیاسی کاری کردەیان نی یە!، نابێت

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

فەرامۆشی ئەوەبکەین کە تەنیا ئەمە لەبوارە دەروونناسیەکەدا فەرامۆش نابێت هەمو
ڕشتەکانی تر حاڵیان لەمە چاکترنییە و چەندین خاوەن بڕوانامەی نەخۆێندەوارمان هەن
هەرگیز لەگەڵ یاساشکێنیدا نین، بەڵام تەنگژە هەمە چەشنەکان کە زادەی ژیانی مۆدێرن
پێویستی گرانەوە و فراوانکردنی بازنەکانی فێرکاری و چارەسەرکاری دەخوازن کەنابێ
فەرامۆش بکرێن.

ئەم کتێبەی بەردەستان لەدوو بەش پێگهاتووە یەکێکیان پێنج وانە لە دەروونشیکاری
ئەوتریان گفتوگۆیەکی فرۆیدە. فرۆید ڕاشکاوانە چارەسەر و بیروبۆچوونەکانی خۆی دەخاتەڕوو
ژیرانە پنتەکان دیاری دەکات. مەزندەی ئەوە دەکرێت کە دیدگاکانی فرۆید لەم کتێبە
چڕکرابنەوە. فرۆید بەحکومی جەخت کردنەوە هەمیشییەکانی لەسەر پاڵنەرە سێکسیەکان
تێرکردنیان لە زهنی خۆێنەردا بۆتە هاوواتای سێکس، بەڵام پەی بردن بە پاڵنەر لەکار
ڕەنگدانەوەی حاڵەتە دەروونیەکان لەسەر مرۆڤ لەبری تاوانبارکردن شایستەی ستایش کردن
کتێب و بلاۆکراوەکانی فرۆید ئەو تۆمەتە پووچەڵ دەکەنەوە وزیاتر مەزنی ئەو دەردەخەن.

مایەی خۆشبەختیە کە هاوزماناکانمان قۆڵیان لە کتێب و بلاۆکراوەکانی ئەو ئەو زانا
دەروونشیکارە گەورە هەڵمالێوە و بوێرانە دەیانخەنە سەر زمانی خۆمالێمان، تاکو زۆرینە
خوێنەری کوردیش بێ بەش نەبن، لە زانیاریەکانی ئەو مرۆڤە بالاێە و سوودبە
بەکۆمەڵگاکەمان بگەێنن.بەم وەرگێڕانەشەوە کە لەبەردەستان دایە.

دەست خۆشانە لە وەرگێر دەکەم و هیوای ساغ و سەلامەتی و تەمەن درێژی و بەرهەمی زیاتر
بۆ دەخوازم

دڵشادی مەلاعەولا

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library